# بەرەی کوردستانی پێویستییەکی نەتەوەیی‌یە

**عەلی قازی/ کوڕی ڕەش**



پێکهێنانی بەرەیەکەی کوردستانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان چ لە باری نێو خۆیی و چ لە روانگەی نێو نەتەوەییەوە گرینگی‌یەکی زۆری هەیە.

بەرەی کوردستانی دەتوانێ هەموو هێز و تواناکانی گەلەکەمان یەك بخا وسەرجەم حیزب و پارت و شەخسییەتە کوردییەکان لە خۆ بگرێ.

ئەزموونی باشوری کوردستان لەمبارەوە زۆر جێی سەرنجە. ئەوان چ پێش رووخانی سەدام و چ پاش رووخانی هەر چیەکی بەدەستیان هێناوە دەسێبەری یەکێتی و تەبایی‌دا بووە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕانکاریی‌دایە و پێویستە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادە بکا. هیچ گومان لەوەیدانییە کە ئێران وەبەر شەپۆلەکانی ئەو گۆڕانکارییانە دەکەوێ. کورد بە هێزترین بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی‌یە و دەتوانێ رێبەرایەتی بەرهەڵستکارانی ئێرانیش بە دەستەوە بگرێت و دەچوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا رۆڵێکی سەرەکی بگێڕێ.

بە مەبەستی گوڕو تیندان بە هەوڵەکانی نزیکخستەوەی هێزە سیاسیەکان لە یەکتر و دامەزراندنی‌بەرەیەکی کوردستانی، لە سەفەری ئەو دواییانەم دا بۆ کوردستان جارێکی دیکە لەگەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چاوپێکەوتن و وتووێژم هەبوو. خۆشبەختانە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم هەموو ئەو لایەنانەی لەمبارەوە وتووێژمان پێکەوە کرد، پەرۆشی خۆیان بۆ لێکنزیك بوونەوە و هاوکاریی دەربڕی.

هەڵبەت پێشتریش لە نێوان ژمارەیەك لەو هێزانەدا، چاوپێکەوتن و وتووێژ لە سەر ئەم بابەتە گرینگە بووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بە ئاکام نەگەیشتووە.

ئەمن لە تێکۆشانی خۆم بۆ نزیك کردنەوەی هێزە سیاسییەکان لە یەکتر و دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی پێکهاتوو لە حیزب و لایەن و شەخسیەتە ئازادیخوازەکان بەردەوام دەبم. لە داهاتوودا دەگەڕێمەوە کوردستان هەوڵ و تێکۆشانم لەو پێناوەدا دەست درێژەپێدەدەم.

جارێکی‌تر لێرەوە داوا لە هەموو حیزب و رێکخراوە و شەخسیەتە بەرهەڵستکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەك بۆ هاوکاریی و یەکخستنی هێز و تواناییان هەنگاوی عەمەلی هەڵگرنەوە.

ئاڵمانیا 2005/9/19